

## خالید رەشید:

# هونەری شێوەکاری هەتیوێکی بێ دایک و باوکە

ئەوەی لە نزیکەوە هونەرمەندی شێوەکار(خالید رەشید)ی بینیبێت و ئاشنای بێت، هەست دەکات کە خۆشەویستی و عەشـــقی ئەم مرۆڤە بۆ هونەر تایبەتە، کاتێك ســـەردانی ماڵەکەی دەکەی هەر لە دەرەوە پەیکەرێکی گەورەی ئەســـپ دانراوە، لە ژوورە تایبەتەکەیدا جەنجاڵییەکی بێ وێنە هەیە، بەڵام جەنجاڵییەك کە لێی بێزار نابی. فڵچە و رەنگ و تابلۆ تەواوکراو و تەواونەکراوەکانی لە هەموو کون و قوژبنێکی خانووەکەیدا بڵاوبوونەتەوە، تابلۆی رەمز و ســـەرکردە نەمرەکانی کورد بەشـــێکی زۆری خانووەکەی داگیرکردووە، چەند تابلۆیەکی جوانی خۆیشی بەدی دەکرێ کە هاوســـەرەکەی وەك دیاری بۆی کێشاون، هەر لە ژوورە تایبەتەکەیدا چەندین ئامێری مۆسیقی جیاجیا دەبینرێ، بەتایبەتی ئامێرە وەتەرییەکانی وەکو عود و ســـاز و ســـیتار، لەگەڵ چەندین پارچەی کەلوپەلی کۆن هەیە کە سەرنجت رادەکێشن. لەم ژوورە تایبەتەی هونەرمەندی شێوەکار خالید رەشید چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



* هەموو ژانرە هونەرییەکان لە کوردستان بە دەست گرفتەوە دەناڵێنن، وەك شێوەکاری گرفت و ئاستەنگەکانتان زیاتر خۆیان لە چیدا دەبیننەوە؟

- هەڵبەت رەنگە من بۆچوونی خۆم هەبێت، چونکە لای من هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە شۆڕشە. هیچ شتێك نابێ بە ئاستەنگ بۆی، چونکە هونەر ئەگەر رێگری بکرێت، کاری پر ماناتر لەلایەن هونەرمەندەوە ئەنجام دەدرێ، بۆ گەواهی ئەم قسەیەم سەیری هونەرمەندانی ئەورووپی بکە کە چۆن بە وێنە و پەیکەرەکانیان گوزارشیان لە میللەت و دەسەڵات کردووە، بەڵام بەداخەوە هونەری شێوەکاری لەم هەرێمەی ئێمە تیا دەژین، تووشی دوو قەیران بووە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە شتێکمان نییە بە ناوی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەرایەتی هونەر، بەڵگە بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە بۆ نموونە بەڕێز (فەرهەنگ غەفوور) لەگەڵ رێزم بۆی کە بەڕێوەبەری هونەرییە، بەردەوام کلیپ بۆ خۆی دەکات، نەك بۆ ئەو گەنجانەی کە دەیانەوێ لەو بوارەدا بکەونە بەرچاو، هونەری شێوەکاری هەتیوێکی بێ دایك و باوکە و لە هەولێر کەس خۆی تێناگەیەنێ. قەیرانی دووەم - کە ئەمە ماڵوێرانیی بنەڕەتییە خودی ئەوانەی هاتوونەتە ناو وەزعەکەوە لەگەڵ رێز و حورمەتم کە چەند کەسێکی زۆر بەڕێزی تیادا بەدی دەکرێ، کە هونەرمەندی بەتوانان و هەردەم جێپەنجەیان دیارە و نامەوێ ناویان بڵێم، با نەبێت بە ریکلام، یان باسی شەخسی، ئەگینا هەندێك کەس بارگرانین لەسەر شێوەکاری، هاتوون وادەزانن ئەگەر بزانی تابلۆیەکی سەقەت بکێشی، ئیتر تۆ دەبێ ببی بە ئیمپراتۆر و لوتبەرز، دواتر وادەزانن کە بە هەر شێوەیەك شتێك فێر بووی، ئیتر دەبێ دژایەتی دەسەڵات بکەی، کەس بە هیچ نەزانی و ئیعتراف بە کەسی پێش خۆت نەکەی، ئەمانە بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەرگیز هونەرمەند نین و هەرگیز لە شەقامی هونەردا لای من حیسابی هیچیان بۆ ناکرێ .



* ئەگەر گۆرانیبێژ زۆر باس لە کۆپیکردنی بەرهەمەکانیان بکەن و شانۆکاریش گلەیی لە نەبوونی بینەری شانۆ و سینەما بکەن، شێوەکاران دەبێ چی بڵێن؟

-من هەر ئەوە دەڵێم شێوەکاری ئەو شتە ئاسانە نییە، بەداخەوە دەبیستم و دەبینم لای هەندێك کەس کە زۆر بە هەڵە لە مەسەلەکە تێگەیشتوون، هونەری شێوەکار ئەگەر باس لە رۆحیەت و ماهییەتی بکەی، جیهانێکی تایبەتە خوا دەیبەخشێت بە مرۆڤ، هونەرمەندی شێوەکار وەك گۆانیبێژ نییە، چونکە ئەگەر ئێمە بەڕاستی قسە بکەین، نابێ مافی کەس بخۆین هونەرمەندی گۆرانیبێژ پێویستی بە سەرفی ماددی زۆر زۆر زیاتر هەیە لە هونەری شێوەکاری، گۆرانیبێژ لە جلوبەرگەوە هەتا کامێرا و مۆسیقا و شاعیر و ئاوازدانەر و دەرهێنەر و... تاد، ئەمانە هەموویان دەبێ پارە و حیسابی کراوەیان بۆ تەرخان بکرێ، بۆ ئەوەی بەرهەمێکی جوان و بە دڵی بینەر و بیسەر بەرهەم بهێنن، لەبەرئەوە من هەقی زیاتر دەدەم بە گۆرانیبێژ تا هونەرمەندی شێوەکار، لە کاتێکدا هونەرمەندی شێوەکار دەتوانێ بە بڕێکی زۆر کەمتری ماددی پێشانگە بکاتەوە.

* شەیدایانی شێوەکاری و تابلۆ زیاتر نوخبەن، ئایا لە کوردستان ئەو نوخبەیە هەیە؟

-ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگە کە بەداخەوە لە کوردستان وەکو پێویست نییە، کەسێك دەچێ لەسەر مێزی مەیخانەیەك، یان چێشتخانەیەك بڕێکی زۆر پارە دەدا بە خواردن و خواردنەوە کە تەنها چێژی تێرخواردنێکی پێ دەبەخشێت، بەڵام زەوقی ئەوەی نییە کە تابلۆیەك لە شێوەکارێك بکڕێ، تەنانەت نازانێ تابلۆ یانی چی.

* دەوڵەمەندەکانی هەموو جیهان دەستبڵاون لە کڕینی ئەو تابلۆیانەی کە چێژی لێ وەردەگرن، دەوڵەمەندەکانی ئێمە لەو لەو بوارەدا چۆنن؟

-من وتم دەوڵەمەندەکانی ئێمە پارەیەکی خەیاڵی دەدەن بە نان خواردنێك، بەڵام نازانن تابلۆی شێوەکاری یانی چی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزمیی ئاستی رۆشنبیری، ئەگەر نەشڵێن قەیناکا، چونکە هەندێ گێل تا ئێستا هونەری شێوەکاری بە حەرام لە قەڵەم دەدەن.

* شێوەکاری کورد ئایا توانیویانە لە رێگەی شێوەکارییەوە موخاتەبەی عەقڵی تاکەکانی وڵاتەکەی خۆیان بکەن؟

ئەمە پرسیارێکی لەجێیە، بەداخەوە زۆربەی شێوەکاران، یان ئەوانەی بە زۆر هاتوونەتە ناو وەزعەکە و هێشتا بە قۆناغەکانی کلاسیکی و واقیعدا تێنەپەڕیون، کە ئەم دوو رێبازە بناغەی پیرۆزی هونەری شێوەکارییە، ئەوان هاتوون لە رێی فۆتۆشۆپەوە ئەم بابەتە کۆمپیوتەرییانە دەستکاری دەکەن و باس لە مەسەلەی نوێگەری و هونەری ئازاد دەکەن، بەم راکردنە لە ئەسڵی مەسەلەکە، ئێمە



دزییەکی گەورە لە خەڵکی خۆمان دەکەین، چونکە دەبێ شێوەکارێش لەسەر واقیعی میللەتەکەی خۆی قسە بکا، بۆ ئەوەی لە ڕێی تابلۆیەکەوە بتوانێت مێژووی ئەو میللەتە پیشان بدات، ئەو کات کە تۆ توانیت بە وێنە و نیگارکێشان دڵی جە ماوەرەکەت رابکێشی، من دڵنیام میللەتی کورد هیچی لە میللەتانی دی کەمتر نییە.

*** ئایا لە نێو کورددا هونەری شێوەکاری سەردەمێکی هەبووە بە سەردەمی گەشە یاخود سەردەمی زێڕینی دابنرێت؟**

- هەڵبەت ئەو شتە زۆر روون نییە و ناتوانین بڵێین سەردەمێکی دیاریکراوی وەك ئەوروپا کە سەردەمی رێنیساس، یان ئینتباعی، یان کلاسیك و... تاد، بەڵام هونەرمەندی چاکمان هەبووە و کاری شێوەکارییان وەکو عەشق کردووە.

*** سروشت و تراژیدیاکانی کوردستان چۆن لە کارەکانتدا رەنگی داوەتەوە؟**


- هەردەم کارەکانم لە دایکبووی سروشت و مێژووی گەل بووە و کەسایەتییە ناودارەکانی میللەتەکەم سیمبولی کارەکانمن، هەروەها ئەسپ بەشێکی زۆری لە ژیانم داگیر کردووە.

*** ئەی ئافرەت لە تابلۆکانت چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- ئافرەت لای من بەرامبەر نیشتمانە، چونکە ئافرەت زادەی خوا و سروشتە و هەموو جوانی و خۆشی و گریان و پێکەنینەکانیش زادەی ئافرەتن.

*** شێوەکاری کورد چۆن دەتوانێت لە رێگەی هونەرەکەیەوە واقعی کوردستان بە جیهان بناسێنێت؟**

- پێویستە دەست بکەین بە گەڕان بە سروشتدا و وێنە بکێشین و بایەخی پێبدەین وردەکارییەکان پشتگوێ نەخەین، ئەو شتەی لە کوردستان هەیە و لە سرووشتی وڵاتانی تردا نییە، هەوڵبدەین لە تابلۆکانمان جێیان بکەینەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە چاوی جیهاندا.



# گاگا خانوویەکی نوێی کڕی و پشتیوانی لە سویفت دەکات



ئەستێرەی هونەری ئەمریکی و جیهانی لیدی گاگا لە ڕێگەی ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر پشتگیری و پشتیوانی خۆی بۆ هاوڕێکەی تایلۆر سویفت ڕاگەیاند بۆ ئەو بارودۆخەی دەروونییەی ئێستا تێیکەوتووە بە هۆی نەخۆش کەوتنی دایکی کاریگەریی سلبی کردۆتە سەر کارەکانی.

گاگای تەمەن ٢٨ ساڵ لە تویتەر لە شێوەی نامەیەکی هاوخەمی نووسیبووی:(تایلۆر خوا تۆ و دایك و خانەوادەکەت بپارێزێ، ئێمە هەموومان نوێژ بۆ ئێوە دەکەین)، سویفتی تەمەن ٢٥ ساڵ پێشتر ڕایگەیاندبوو دایکی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە کە لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە، ئەمەش تووشی شۆك و بارودۆخێکی دەروونی خراپی کردووە.

لە لایەکی دیکەوە گاگا و تایلۆر کینی دەستگیرانی بڕیاریان دا خانووەکی نوێ لە گەڕەکی مانهاتنی نیویۆرك بکڕن بۆ ئەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیری تێدا ساز بکەن و هەر لەوێ بژین، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە گاگا و کین نرخی خانووەکە نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلارە و زۆر لە ماڵی کەسوکاری گاگا نزیکە.

# نیکۆڵ کیدمان لە یوئێنەوە بۆ ئیمارات

کۆمپانیا ئیتیحادی ئیماراتی بۆ فڕۆکەوانی ئەستێرەی سینەمایی ئوسترالی نیکۆڵ کیدمانی وەك باڵیۆزی هەڵمەتــی ڕاگەیاندنی خۆی بۆ فڕۆکــە نوێیەکەی کە لە جــۆری (Airbus A٣٨٠)ە و بڕیــارە بەم زووانە بخرێتە کار و بۆ ئەم مەبەســتەش دەستیان بە وێنەگرتن کردووە بۆ فڕۆکەی ناوبراو و ریکلامەکەشیان بڵاوبۆتەوە.

لە ریکلامەکەدا کیدمان لە شاری پراگ دەردەکەوێت و لاپــەڕەی کتێبێــك لــە کتێبخانەی ســتراهۆف هەڵدەداتەوە، ئینجا دیمەنەکانی دیکە لەسەر فڕۆکەی ناوبراو دەست پێدەکەن، بەڵام سەندیکای خزمەتگوزارانی فڕۆکەوانیــی ئەمریکا لەم بارەیەوە رایگەیاند کە ئەم کارە کۆمپانیــا ئیماراتییەکــە بە تــەواوی دژی رۆڵی نیکۆڵ کیدمان، چونکە ئێستا کیدمان باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کاروباری ئافرەتان، (Apfa) کە گەورەترین ســەندیکای ســەربەخۆی ئافرەتە خزمەتگوزارەکانی فڕۆکەوانییە لە ئەمریکا هەڵمەتێکی بــە هێزی دژی چەند کۆمپانیایەك ئیماراتی دەســت پێکردووە و بە جیاوازی لە نێوان کارمەندانی تۆمەتباریان دەکات.

لــە نامەیەکیــدا بۆ نیکــۆڵ کیدمــان، لۆرا گلادینگ ســەرۆکی Apfa دەڵێ: بینیمان تۆ لــە هەڵمەتێکی راگەیاندنــی کۆمپانیا ئیتیحاددا دەرکەوتی کە هەمان کۆمپانیایە ئافرەتە دووگیانەکان لەسەر کار لادەدات، ئەمەش بــە تەواوەتی دژی رۆڵی تۆیە وەك باڵیــۆزی نەتەوەیەکگرتــووەکان بۆ پارێزگاریکــردن لە ئافرەتــان. کۆمپانیای ناوبراویش ئەم تۆمەتانــەی رەت کردەوە و بەڵگەشیان بەوە هێنایەوە کە بۆ پێنج ساڵ لەسەر یەك نازناوی کۆمپانیای پێشــەنگی فڕۆکەوانییان لەســەر ئاســتی جیهان بەدەســتهێناوە، بــەڵام کیدمان تا ئێستا هیچ لێدوانێکــی لەســەر بابەتەکە نەداوە.



# بۆنام کەسی بە دڵ نییە



زۆر جار دۆزینەوەی ئەکتەرێــك بۆ بینینی رۆڵی پاڵەوان لــە فیلمێك، یان زنجیرە درامایــەك کارێکی زەحمەت دەبێت بۆ دەرهێنەر بەپێی ئەو ســیفات و تایبەتمەندییانەی کە ئەو دایناوە بۆ رۆڵەکە وەك ئەوەی لە سیناریۆکەدا هاتووە، بەڵام بۆنام باندی ئێســتا تووشــی هەمان گرفت بۆتەوە و وێڵە بەدوای کەســێك کە ئەو پێی رازی بێت بۆ بەشــداریکردن لەگەڵی لە فیلمی داهاتووی کە ناوی (هیلین)ـە.

بەرهەمهێنەرانــی فیلمەکــە بە ئاشــکرا رایانگەیاندووە کە رازیکردنــی بۆنام کارێکی زۆر ســەختە، چونکە ئەو کەسانەی پێشنیاریان کردووە ئەو پێیان رازی نییە، هەرچەندە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بەشدارییان لە تێستێکی تایبەت کردبوو کە بۆنام مەرجەکانی دانابوو و هەندێکیان لە بواری نواندنەوە زۆر بەتوانا بوون و پێشــتریش بەشدارییان لە کاری هونەری دیکەدا کردبوو، زانیاریشــیان زۆر بــوو دەربارەی مێژووی ســینەمای هیندی و چاوەڕێی پاشەڕۆژێکی پرشنگداریان لێدەکــرێ، دوای ئــەوەی تیمــی فیلمەکــە نەیانتوانی بە هیچ شــێوەیەك بۆنام رازی بکــەن، ناچار بوون لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتــەرەوە بانگەوازێك بڵاو بکەونەوە بــۆ دۆزینەوەی ئەو پاڵەوانەی مەبەســتیانە، ســەرچاوە نزیکەکان لە تیمی فیلمەکە رایانگەیاند کە کەســایەتی بۆنام لەو فیلمەدا زۆر گەرم و وروووژێنەرە، بۆیە پێویستە ئەو کەســەی لە بەرامبەریــدا رۆڵەکە دەبینێت بە هەمان شــێوە بێت بۆ ئەوەی فیلمەکە ســەرکەوتوو بێت، هەمان سەرچاوە ئەوەشی ئاشــکرا کرد کە ماڵپەڕێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە و هەر کەسێکی بیەوێ بەشداری بکات، پێویستە ڤیدیۆیەك بۆ ماڵپەڕەکە بنێرێت و تێیدا چەند تێست و جووڵەی هونەری ئەنجام بدات و دوای ئەوەی بۆنام ڤیدیۆکان دەبینێت بڕیاری لەسەر دەدات.